حكومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ب/ دیراسات و لێکۆلینەوەو بەدواداچون

حكومة إقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة المالية والإقتصاد
المديرية العامة للديوان
م/ الدراسات والابحاث والمتابعة

ژمارە : ٦٨٢٥/
ڕێکەوت : پوشپەر / / ٢٧٢٢ كوردی

العدد :
التأريخ : ٦ / ٧ / ٢٠٢٢

## گشتاندنی دارایی ژمارە ( ٥ )

**بۆ / گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت**

**بـ/ گشتاندن**

هاوپێچ لەگەڵ نووسراوماندا گشتاندنی ئەنجومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان ژمارە (٨٠٩٤) لە ٢٠٢٢/٦/٥ بۆتان ڕەوانە دەکەین بۆ جێ بەجێ کردنی ناوەرۆکەکەی .

بۆ ئاگاداریتان و کارپێ کردنی ... لەگەڵ ڕێزدا .

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**
**٢٠٢٢/٦/**

هاوپێچ/ - گشتاندنی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٨٠٩٤) لە ٢٠٢٢/٦/٥ .

**وێنەیەک بۆ /**

- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- پەرلەمانی کوردستان – عیراق / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ س. دیوان/ ف. گ . کارگێری و دارایی/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- ئەنجومەنی وەزیران / سکرتارییەتی ئەنجوومەن / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- وەزارەتی داد/ بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژنامەی وقایعی کوردستان/ بۆ ئاگاداریتان.. لەگەڵ ڕێزدا .
- ئەنجومەنی دادوەری/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- دەستەی دەسپاکی/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- نووسینگەی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- دەستەی ڕاوێژکاران / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- گشت بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی سەر بەوەزارەت/ بۆ جێ بەجێ کردن .
- گشت بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبەی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ بۆ جێ بەجێ کردن .
- بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی ( هەرێم , هەولێر , ( ٢ , ١ ) ی سلێمانی , دهۆك , هەڵەبجە , گەرمیان , سۆران , ڕاپەڕین , ئاكرێ , زاخۆ , كۆیە , چەمچەماڵ , ئامێدی ) / بۆ جێ بەجێ کردنی کاری پێویست .
- بەڕێوەبەرایەتی دیراسات و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون .
- سیستەم / لە گەڵ سەرەتاکان.
- دۆسیەی سۆڕاو.

س- ٢٠٢٢/٦/٢٨

حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
سەرۆکایەتی دیوان

حكومة إقليم كوردستان ـ العراق
مجلس الوزراء
رئاسة الديوان

ژمارە: ٨٠٩٤
ڕێکەوت: ١٥/ جۆزەردان/ ٢٧٢٢

العدد:
التأريخ: ٥ / ٦ / ٢٠٢٢

بۆ/ گشت وەزارەتەکان

بابەت/ گشتاندن (وەرگرتنی باج و پابەندکردنی کۆمپانیاکان)

دوابەدوای گشتاندنمان ژمارە (٧٢٩٢ لە ٢٠٢١/٦/٢٠)، کە تایبەتە بە پابەندکردنی گشت کۆمپانیاکان بە پێشکەشکردنی پاکانەی باج لەکاتی ئەنجامدانی گرێبەست و چالاکییە ئابووریەکان بە ئامانجی ڕێگریکردن لە خۆدزینەوە لەباج.

بەپێی یاسا و بڕیار و ڕێنماییە پەیوەندیدارەکان، یەکێ لە مەرجە بنەڕەتیەکانی کارکردنی هەر کۆمپانیایەك بریتییە لە تۆمارکردنیان لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی باج تاکو لەکاتی ئەنجامدانی چالاکی و بەدەستهێنانی قازانج لەپێناو بەرژەوەندی گشتی پابەندی پێدانی باجی شایستە بکرێن بە گەنجینەی گشتی، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە بەشێك لە دامودەزگا حکومییەکان گرێبەستیان لەگەڵ کۆمپانیاکان ئەنجام داوە بەبێ ئەوەی کۆمپانیا یاخود (لقی کۆمپانیا) لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی باج تۆمارکرابن کە ئەمەش سەرپێچی یاسایە و دەبێتە هۆی خۆدزینەوە لە باج و زیان گەیاندن بە گەنجینەی گشتی.

بۆ ئەم مەبەستە لەچوارچێوەی ئامانج و کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری پێویست ئەنجام بدەن بە:

١- لەبەرچاوگرتنی ناوەڕۆکی ئەم گشتاندنەمان و، ئەنجام نەدانی هیچ گرێبەستێک لە گەڵ ئەو کۆمپانیایانەی یاخود (لقی کۆمپانیا) لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی باج تۆمار نەکراون، بەپێچەوانەوە خۆتان بەرپرس دەبن.

٢- ناردنی زانیاری و داتای پێویست لەسەر ئەو گرێبەستانەی ئەنجام دراون لەگەڵ کۆمپانیاکان یاخود (لقی کۆمپانیا) بەبێ ئەوەی لە (بەڕێوەبەرایەتیەکانی باج) تۆمارکراوبن.

لەگەڵ ڕێزدا...

د. ئۆمێد صباح عثمان
سەرۆکی دیوان